# خوای گەورە دەفەرموێت: من لەگەڵ بەندەکەمدام ئەگەر زیکر ویادی من بکات ولێوەکانی بجووڵنێت بە یادکردنم

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: خوای گەورە دەفەرموێت: «من لەگەڵ بەندەکەمدام ئەگەر زیکر ویادی من بکات ولێوەکانی بجووڵێنێت بە یادکردنم».
[صەحیحە لغیرە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - بوخاری گێڕاویەتیەوە بە سیغەی جەزم - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەرکەسێک یادی خودا بکات ئەوا خودا نزیکە لەو کەسە، و لەگەڵ ئەودا دەبێت لە هەموو کاروبارێکیدا، بۆیە سەرکەوتووی دەکات وهیدایەتی دەدات ویارمەتی دەدات ونزاکانی وەڵام دەداتەوە. ولە فەرموودەیەکی تردا کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرموویەتی: خوای گەورە دەفەرموێت: (أنا عند ظن عبدي بي وأنا معه إذا ذكرني، فإن ذكرني في نفسه ذكرته في نفسي، وإن ذكرني في ملأ ذكرته في ملأ خير منهم)، واتە: (من بە گوێرەی گومانی بەندەکەمم بە من، من لەگەڵ بەندەکەمم کە زیکر ویادی من بکات، ئەگەر بەندەکەم یادی من بکات لە نەفسی خۆیدا ئەوا من یادی ئەو دەکەم لە نەفسی خۆمدا، وئەگەر باس ویادی من بکات لە شوێن وکۆڕ ودانیشتنێکدا بکات ئەوا من لە شوێنێکی خێرتر لەو شوێن ودانیشتنە باسی ئەو دەکەم).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5522

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee